کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
27-11-2007 1:14بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## دژە بێ دەنگی ... کامەران سوبحان



هەمومان لەسەر ئەوە کۆکین کە بێ دەنگیەکی سەیر نێوەندی هونەرییمانی تەنیوە، کەم تا زۆر هەموومان بەرپرسیارین لە ئاست ئەو بێدەنگیەدا، گەر لە ڕابردوودا پاساوێك بۆ ئەو بێ دەنگی هەبوبێت ئێستا ئەو پاساوەش بەرەو کزی دەچێت! سالانێکی زۆرە ئێمە بەدەست کۆمەڵێك کێشەی زۆرەوە دەناڵێنین، دیارترین ئەو کێشانەش کەمی بینەرو فۆرو شێوازی شانۆیە، زۆرجار لەبیری خۆمدا ئەو دەستەواژەیەم خستوەتە بەرباس و لێکۆڵینەوە کە بۆچی شانۆ بەجیا لە هەموو هونەرو کایەکانی تر زۆربەی کەس دەتوانێت لوتی تێبهاوێت، بە جۆرێك ڕەنگە کەسێك مۆزیککارێکی باش نەبێت نەتوانێت ئامێرێك بژەنێت، گەر کەسێك چیرۆکنوس نەبێت نەتوانێت چیرۆك بنوسێت... هتد لە کایە زانستیەکانیشدا گەر کەسێك پسپۆڕی ئەندازیاری نەبێت ناتوانێت کاری ئەندازیاری بکات، گەر کەسێك پزیشك نەبێت ناتوانێت چارەسەری نەخۆش بکات... هتد

بەڵام لای ئێمە هەموو کەس دەتوانێت شانۆ بکات، ئەمە پرسیارێکەو من زۆرجار بەدوای وەڵامەکەیدا دەگەڕێم، دواجاریش لە تەوەرێکی ڕەخنەیی دووەمین فێستیڤاڵی سلێمانی بۆهونەریی شانۆ بوو، کە خۆشبەختانە هەستم کرد ئەم پرسیارەی من پرسیاری زۆر کەسی تریشەو زۆر کەسی جدیش لە نێوەندەکەدا بانگەشەی ئەوە دەکەن کە ئیدی شۆڕشێك دژ بە بێدەنگی بکرێت..

لەو تەوەرە ڕەخنەییەدا تا ڕادەیەك موجامەلەو دلڕاگیرکردن هەبوو، ئەگینا دەبێت کاری شانۆیی و هونەریش ببێت بە کارێکی پسپۆڕی وەك هەموو کارەکانی تر، نەك کەسێك بە ئارەزوی خۆی لە حاڵەتی نەستیدا چی بە مێشکدا بێت بیکات، هەروەك بینیمان ئەو پاشاگەردانیەی لە یەك دوو بەرهەمدا هەبوون، فەوزایەك و پەرتەوازەییەکی زۆر و بێ بنەماییەك لە تێکست و چنیندا، کە بە یەکەم بینین بینەر هەستی بەو لاوازیی و هەژارییە دەکرد لە پاشخانی فیکری دەرهێنەردا، بەجۆرێك یەکێك لەو دەرهێنەرانە لەو گفتوگۆ ڕەخنەییدا و پێشتریش لە تەلەفزوێنەوە دەڵێت (سەبارەت بە دەق سودم لە خەج و سیامەند بینیوەوبەری کەوتووم، بەشێوەیەکی نامەئلوفیش کارم لەو دەقەدا کردووە!!) گەر لەسەر ئەم پەرەگرافە قسەبکەین دەتوانین چەندین وتار بنوسین و ئەو بێ دەنگیە بشکێنین کە سالانێکە بە هۆی موجامەلاتەوە باڵی بەسەرماندا کێشاوەو بەو کەسانە بڵێین کام خەج و سیامەند؟ چۆن سودت لێوەرگرت؟ لە کوێی دەقەوە سودت وەرگرت؟ بۆ تەنها دێڕێکی خەج و سیامەند لە نمایشەکەدا نەبوو؟ ئایا ئەو داستانە ئەمەندە ئاسانەو لە هەر نمایشێکدا دیمەنێکی ڕۆمانسیت هەبێت دەتوانیت بڵێیت سودم لە خەج وسیامەند بینیوە؟

بەدەر لەم باسانەش دەبێت ئێمە دژ بەو بێ دەنگیە زۆرە هەڵوێستێکی جدیمان هەبێت و شەرم نەکەین لەوەی بە کەسانێك بڵێین ئەمەی ئێوەدەیکەن هونەر نیە، ئەوەی ئێوە دەیکەن جۆرێکە لە بینەر خەڵەتاندن و ئیدمانی کردنی خۆتان، خۆشبەختانە لەو گفتوگۆ ڕەخنەییانەوە سەرەتاکانی ئەو دژە بێ

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

دەنگیە دەرکەوتوەو هیواداریشم نەك ئەم شێوازە نا زانستیانە لە کاری هونەرییدا بەڵکو زۆر کەس و گرووپیش بخرێنە ژێر پرسیار و لێپرسینەوە!

گۆشەیەکی تایبەتە (کامەران سوبحان) دوو هەفتە جارێك لە ئەدەب و هونەری کوردستانی نوێ دەینوسێت.

kameransubhan@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.